# بیان

## بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی تەسلیم بوونەوەی ریبوار ئەحمەد وحککع، ناتوانێت بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان دەستەمۆ بکات!!!!

لە بەرواری 20ی تشرینی یەکەمی 2005 رێبوار ئەحمەد لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نامەیەکی بۆ رای گشتی بڵاو کردووەتەوە، سەبارەت بە کۆتای هێنانی بە کێشمەکێشی سیاسی نیوان خۆیان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رایگەیاندووە "یەك لایەنە فەزای *بارگرژی و بەرامبەرکێ* کۆتایی پێ دەهێنێ" بەخەیاڵی خۆیان "بۆ گونجاو کردنی فەزایی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان" .

ئەم راگەیاندنەی ریبوار ئەحمەد وحککع لە کاتێکدایە کە ناسیۆناڵزمی کورد لە مەوقعیەتی دەسەڵاتدا جێی خۆی قایم کردووە نەك تەنها لە کوردستاندا بەڵکو لە سەراسەری عێراقدا، یەکێکە لە یاریکەرەکانی سیناریۆی رەش و هاوپەمانێکی سەرەکی ئەمەریکایە لە عێراقدا . ئەم حزبە بۆ ئەوەی بتوانێ سیاسەتە ڕاسترەوەکانی خۆی لە گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی لە رێگای دبلۆماسیەت و سات و سودای سیاسیەوە بە سەرنجام بگەینێ، پێویستی بەریکەتن و سازشە لە گەڵ ئەم هێزانەدا . " لێدوانێك بۆ رای گشتی" لە لایەن رێبوار ئەحمەدەوە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی یە بۆ سەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد و جەلال تاڵەبانی . ئەم حزبە ئەگەر تاڵە دەزوویەك بە بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنسیەوە دەبیەستەوە ، ئەوە بەم نامەیە ئەو تاڵە دەزووەش پچڕا.

1-کێشمەکێشی سیاسی نێوان کۆمۆنیزمی کرێکاری و ناسیونالزمی کورد کێشمەکێشیکە لە نێوان دوو بزووتنەوەی سیاسی کۆمەڵایەتی بە دوو ئەڵتەرناتیڤی جیاوە بۆ کۆمەڵگە و لێرەوە سەرچاوەی گرتووە ، لەو ڕۆژەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێ ی ناوەتە گۆڕەپانی سیاسیەوە هەر لە شوراکانی ئازارەوە تا ئەمرۆ درێژەی هەیە، و مێژووی پانزە ساڵی کێشمە کێشی دەستەو یەخەی خستووەتە پشتی سەری خۆی یەوە . دژی ناسیۆناڵزم بوونی ئەم بزووتنەوەیە لە پێناسەی ئەم بزووتنەوەدایە . ئەگەر کەسێك یا حزبێك دەیەوێ ئەمە کۆتای پێ بێنی ئەوە ئازادە بەڵام ئیتر ماڵ ئاوای لە کۆمۆنیزمی کرێکاری کردووە شوێنیك و بەرەیەکی تری هەڵبژاردووە .

2- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق " لە کوردستان دا نەماون" تا خۆیان بکەن بەخاوەنی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان و بیکەن بە دەسکە گوڵی سەر مێزی گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتیدا . و بزووتنەوەی داواکاریە دەستبەجێکانی خەڵکی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا لەسەروو ئیرادەی رێبوار ئەحمەد و حککع لە بەرامبەر ناسیۆناڵزمی کورد و دەسەلاتی سیاسی ئەواندا شکلی گرتووە و بەوان لەبارنابرێت .

3- سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ناسیۆناڵزمی کورد بەشێکە لە ماهیەتی ئەم حزبانەو تەقە کردن و قەتڵ وعام کردنی خۆپێشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریەکان هیچ پەیوەندی بە جێگاو رێگای ریبوار و ححکع نیە لەم نێوەدا ، تا ریبوار وحککع لە پشتی ئەم ئیدعایەوە بچنە سەر مێزی گفتو گۆ و سازش کردن . بە رێکەوتنی ئەوان لەگەڵ یەکێتی دا نەسیاسەتی سەرکوت گەرانەی یەکێتی و ناسیۆنالیزمی کورد کۆتایی دێت ، نە نارەزایەتی خەڵك لەبەرامبەر ئەم حزبانە و دەسەڵاتەکەیان دا دەستەمۆ دەبێت .

4- رێبوار و حککع لە حاڵەتی شەڕدا نین و هیچ جەنگێك لە ئارادا نیە تا ئەمان یەك لایەنە تەقە را بگرن، ئەوەی کە دەیڵێن و قەولی پێدەدەن "یەك لایەنە ئەم فەزای بارگرژی و بەرامبەرکێ یە تەواو دەکەین و کۆتایی پێ دێ نین " بەغەیری نارەزایەتی و ئعترازاتی کریکاران و لاوان و ژنان و جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستان شتێکی ترنی یە، کە ئەمەش لە

دەرەوەی ئیرادەی حككع شكڵی گرتووە و ئەوان ناتوانن جڵەوی بكەن ، تەنها دەتوانن تای تەرازووی ناسیۆنالیزمی كورد تۆزی قورس تر بكەن لە كورت ماوەدا.

5- ئەم " نامەی هاودەردیەی " رێبوار ئەحمەد لە كاتێكدا دەنێرێت بۆ یەكێتی نیشتمانی كوردستان ، كە نارەزایەتی جەماوەر لە كوردستاندا لە فراوان بوونەوەدایە بە دژی دەسەلاتی گەندەڵ و سەركوتگەری هێزە دەسەلاتدارە ناسیۆناڵستیەكان . خەڵكی كوردستان بایكۆتی سەندوقەكانی دەنگدان دەكەن ، لەم نێوەدا پێویستیان بە هێزێكە كە تا دۆینی لە سەنگەری جەماوەردا بووە و بۆ ئەوەی بیان گێرێتەوە ژێر ركێفی ناسیۆناڵزمی كورد، رێبوار ئەحمەد بەناسیۆناڵزمی كورد دەڵی من ئەم كارەم پێ دەكرێ و دەتوانم" فەزای بارگرژی و بەرامبەركێ كۆتایی پێ بێنم" .

جەماوەری ئازادیخواز كوردستان !

كۆمۆنیستەكان ، هەڵسورانی شورایی، ورابرانی بزووتنەوەی كرێكاران و لاوان و ژنان !

ئەم نامەیە نامەی سازش و رێكەوتنی رێبوار ئەحمەد و حككع لەگەڵ یەكێك لە هێزە سەركوتگرەكانی ئێوە كە یەكێتی نیشتمانی كوردستانە و مامەڵیەكی سیاسی یە بە چارەنووسی ئێوە و خەبات و تێكوشانتانەوە لەماوەی نزیك بە دوو دەیەی رابردوودا . ئەم سیاسەتە سیاسەتێكی راسترەوانەو دژی كۆمۆنیزمی كرێكاری یە . رێگە مەدەن ئەم رێرەوەی سیاسەتی رێكەتن لەسەرەوە لەگەڵ بورژوازی دا بۆ بەدەست هێنانی كورسی دەسەلات، بەهەر نرخێك بیت ، بەناوی ئێوەوە ئەنجام بدرێت و رسوای بكەن .

حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چەپی عێراق ئالا هەڵگری واقعی كۆمۆنیزمی كرێكاری یە و لە سەنگەری ئێوەدایە لە نارەزایەتی و خەباتاندا ، لە ریسوا كردنی سازشكاراندا ، لە رابەری خەباتی هەموو رۆژەی جەماوەردا و گرێدانەوەی ئەم خەباتە بۆ دامەزراندنی دنیایەكی باشتر، دنیاكی سۆشیالستی لە ریزی پێشەوەدا راوەستاوە و بانگەوازتان دەكات پێوەی پەیوەست بن و بیكەن بەئامرازی خەباتی خۆتان .

**بژی سۆشیالزم**

**بژی كۆمۆنیزمی كرێكاری**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چەپی عێراق**

2005-11 -27